# منیش خۆم هەڵبژارد..!!

ئیدریس حاجی سەعید/کەرکوک
19-8-2006
Edres_h_s@yahoo.com



بەبێ ئەوەی خۆم ساغ بکەمەوە کە سەر بە هیچ تەکەتولێکبم، خۆم هاویشتە نێو گێژاوی هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی(ی.ن.ك) و لە کۆمیتەیەکی نزیك بە گەڕەکی منالی و لە نێو هاوڕێی و هەڤاڵە کۆن و نوێکانمدا رامگەیاند کە خۆم دەپاڵێوم.

رۆژانە بە دیدار یان بە مۆبایل قسە و بیروڕامان دەگۆڕیەوە و باسی رێکخستن و گەشە و بەرژەوەندی حزب لە نێو ئەم پرۆسە دیموکراتیەی ئێستا دەکرێت، دەخستە بەر گفتوگۆ و لایەنە سلبیەکانمان گەلاڵە دەکرد و رەخنەمان لێگرت و بە شێوەیەکی ئەکادیمیانە چارەسەری رادیکاڵیمان بۆ دەدۆزیەوە.. لە هەمانکاتدا رووە ئیجابیەکانمان بۆ ئەندامانی خوارەوە پۆلین دەکرد و ئاسۆ و ئایندەیەکی گەشمان دەهێنایە پیش چاویان و زەمەن و ژیانێکی نوێی رێکخراوەییمان بۆیان وێنا دەکرد.

ئەو کۆمیتەیەی ئێمە زۆر جیاوازبو لەوانی دی، چی قودرەت بو کەسێك باسی دەستەگەری بکات، یان بچێت خەڵکانی بەرانبەرەکەی بۆ بەرژەوەندی خۆی بشکێنێتەوە، یان لێپرسراوی پێشوو بچێت فۆڕمی زەوی بەسەر دەنگدەرەکاندا دابەشبکات و بڵێ زەویتان دەدەمێ بەلاَم بە قسەی ئێمە و کوتلەکەی خۆمان بکەن.. لای ئێمە کەس بۆ بەرژەوەندی خۆی کارتی مۆبایلی دابەش نەدەکرد و ئەوە دەعوات و خواردن و خواردنەوە و بەڵێنی جۆراوجۆر بۆ دەنگدەر هەر نەبوو..

ئێمە ئەوانەی خۆمان پالاَوتبو زۆر پابەندبوین بە ئاکاری کادریمانەوە و تەنها باسی خۆمانمان دەکرد و بەرانبەرەکەشمان بە هاوڕێی و هاوسەنگەر دەهێنایە نێو باسەکانمانەوە و کەس نەبو نەك لولەی چەك و هەڕەشە، بگرە قسەی کاڵیش بە بەرانبەرەکەی بڵێت.. دەستەگەری و تاقمچێتی بە شیێوەیەکی زۆر کاڵ و کرچ و سادە هەستی پێدەکرا، ئەوەی کە وجودی هەبوو تەنها هەندێ خیلافی فیکری و ئایدۆلۆجی بو، نەك ئەوەی بۆ کورسی و پارە و دەسەلاَت و بەرژەوەندی شەخسی بێت لە نێو دەستەکانی سەرکردایەتیدا، تەنها هەندێ خاڵ و هەڵۆیستی تاکتیکی بوو لەبەرژەوەندی و خزمەت و گەیشتن بە ستراتیجێکی نزیکتردا.. بۆیە لە کۆمیتەکەی ئێمەدا هەموکەس ئازاد بوو، نەك تەنها لەوەی سەر بە چی تاقمێك و کوتلەیەك بێت و پاش ئەوە نەتوانێت بە ئارەزوی خۆی دەنگ بدات جگە لەو لیستەی بۆی دیاریدەکرێت و لە بەرانبەریشدا پاداشتێك وەربگرێت، وەك لەوەی لە هەندێ شوێندا دەکرا، نەخێر لای ئێمە هەر دەنگدەرێك سەربەست بوو لەوەی گوڵبژێرێك بکات لە نێو پاڵێوراوەکاندا.

کۆمیتەکەی ئێمە وەك جێگەکانی دیکەنەبو، ئەندامی سەرکردایەتی و مەنسولی گەورە تەلەفۆن بۆ دەنگدەر بکات و دەست وەربداتە پرۆسەکەوە و خەڵکی کۆیلە ئاسا گوێڕایەڵی تەوجیهات و بڕیارەکانی ئەوانبن، یان بچن پارەو دۆلار تەخشان بکەن بۆیان لەبەر ئەوەی خەڵکی دەستەکانی خۆیان دەربچن، یان کادر و دەنگدەر بانگ بکەن سوێند و قورئان و تەنانەت تەلاقیش بدرێن، نا، نا، ئەوشتانە لای ئێمە هەر نەبوو.. چونکە ئێمە پێش وەخت سوێندمان بە شتی گەورە خواردبو، بەڵێنی پیاوانەمان بەیەك دابو کە دەبێت راستگۆ بین لەگەڵ شەهیدەکانماندا و ئەو پەیامەی ئەوان بە ئەمانەتەوە بپارێزین و ئایندەی حزب نەدەینە دەست قەدەری کوتلە و بەرژەوەندیە تایبەتەکانەوە و پارە و زەوی و خواردن و دەمانچە و بەڵێنی جۆراوجۆر کارمان لێنەکات.. بۆ ئەوەی نەبینە گاڵتەجاری ناحەزان و دوژمنان، پرۆسەکە لەبەرژەوەندی چەند کەسێکدا نەبێت وەك ئەوەی لە هەندێ شوێندا دەکرێت، بەڵکو بۆ هەموان و لە پێناو خواستی گشتی یەکێتیدا بێت و بەرەو پێشی بەرێت.

بڕوا بکەن لای ئێمە نە تەقە کرا، نە کەس هەڕەشەی لێکرا نەکەس ریفنرا، نە قومبەلە خرایە ماڵی کەسەوە، نە پاداشتیش بۆ دەنگدەر درا، نە بەرپرس تەلەفۆنی بۆ دەنگدەر و خەڵکی کرد، نە لە هەندەرانەوە داوایان لێکرا و نە.. نە..هتد

سەرتان نەیەشێنم، پرۆسەکە لە باخچەیەکی ساوایانی گەڕەکدا دەستیپێکرد، هەموو هەڤاڵان بە شەوقەوە دەنگی خۆیاندا بێ هیچ ترس و دڵەراوکێیەك، کەسی دەرەکیش نەهاتبووە ئەو جێگایە بۆ ئەوەی کار بۆ خەڵکی دەستەکەی خۆیان بکەن، کەس رقی لەویتر نەبو، هەموو وەك هاوڕێی و هاوسەنگەر و خوشك برا خۆمان پالاْوت، هەریەك لە ئێمە دامانـنابوو گەر دەنگی تەواو بێنین، بۆ جوانترکردنی پرۆسەکە و بۆ پێشاندانی گیانی برایەتی و تەباییمان و هاوخەباتیمان، ئەوا ئەو پلەیە پێشکەش بە هاوڕێیانی دەرنەچو بکەین، گەرچی ئەوان قبوڵیان نەدەکرد بەلاْم ئێمە رێکەوتبوین لەسەری.

دەنگدان تەواوبو، گشتمان بە خەندەوە گوێمان بۆ فەرزکردنی دەنگەکان شلکرد و سەرەنجام سێ کەس لە هەڤاڵان دەنگی پێویستیان هێنا، ئێمەی دەرنەچوش بە گیانی برایانەوە و هەڤالاْنەوە باوەشمان پێداکردن  پیرۆزبایمان لێکردن، چونکە بەراستی بە حەقی ماندوبونی خۆیان متمانەیان وەرگرت و بەبێ ئەوەی پارە بەکەس بدەن و فۆرمی زەوی بدەنە هیچ کەس و کارتی مۆبایل و ئامێرەکەی و دەمانچە و خواردن و ئەو شتانە بۆ هیچ دەنگدەرێك بکڕن..

لە کۆتایشدا پرۆسەکە بە سرودی مەشخەلاْن کۆتاییهات و لە نێو چەپڵە رێزانی هەڤالاْندا تەواو بوو.

لە کاتێکدا چەپڵەی سەرکەوتنی پرۆسەکەم لێدەدا، مناڵەکانم خەبەریان کردمەوە، وتیان پیاوەکە هەستە لە خەو غاز هاتوە بۆ گەڕەك فریا کەوە.